

# گوڵبژێرێک

ئەحمەد رەزا ئەحمەدی

لەفارسییەوە: محەمەد هاشمی



ڕاستە
تۆم خۆش دەوێت
لەم بارانەدا
دەمویست تۆ
لەکۆتایی ئەم شەقامەدا بیت
من تێپەڕم
سڵاو بکەم
بزەی تۆم لەباراندا دەویست
دەمەوێت
هەموو ئەو وشانەی دەیزانم بۆتۆ
بڕژێنمە دەریا
دووبارە لەدایک ببمەوە
دنیا ببینم
ڕەنگی سنەوبەر نەناسمەوە
ماوی خۆمم لەبیر بچێتەوە
دیسان سەیری ئاوێنە بکەمەوە
نەزانم کراسەکەم لەبەرمایە یا نا
وشەکانی دوێنێ
ئەمڕۆ نەڵێمەوە
ماڵەکە بۆتۆ ئامادە بکەم
جانتایەکت بۆ بکڕم
تۆ مانای سەفەر لەمن بپرسیت
وشە تازەکان لەدەریا ڕاو بکەین
وشەکان بشۆین
ئەوەندە بمرم
تا زیندوو ببمەوە

(( لەکتێبی : قافیەها در باد گم میشوند ))
/http://nasrhaye-yomiye.blogfa.com

رۆژێک سەرەنجام
ماڵ ئاواییەکی شینت لێدەکەم
دەزانم
ڕۆژێک لێم دەپرسیت
مەگەر ماڵ ئاواییش ڕەنگی هەیە؟
ئەویش ڕەنگی شین
من لەجوابی تۆدا
بەس چاوەکانم دادەخەم
ئەوساڵەی بەسەرمن و تۆدا تێپەڕی
تەنها ٣٦٥ ڕۆژ نەبوو
هەینییەکان دەبێت دوو ڕۆژ ئەژمار بکرێت
دەبێت ڕۆژ ژمێرەکان لەبەر خۆردا دانێین
تا ڕەنگیان کاڵ بێتەوە
ئاسمان هەڵواسراوە بەمن و تۆدا
با بوو
تۆبتڵەکانت
پڕکردبوو لە ئاو
ئێمە تا ڕۆژئاوابوون خەیاڵمان ئەکرد
بتڵەکان شەرابیان تیایە
سفرەکەت داخست
من نیگەرانی باران بووم ببارێت
باران نەباری
تۆ زوو خەوت لێکەوت
لەکاتی خەوەکەی تۆدا باران باری
لاپەڕەکانی پاییزم لە ڕۆژ ژمێرەکە کردەوە
و خستمە ناو جۆگەلەی ئاوەکەوە
لەقەرەباڵخی گەڵاکانی پاییزدا
ون بوو
تۆ لەخەو هەستای
نان و چای بەیانی حازر بوو...

لە دیوانی:(( چای در غروب جمعه روی میز سرد می شود))
/http://nasrhaye-yomiye.blogfa.com



ئەحمەد رەزا ئەحمەدی





دەتبەمە بەردەم ئاوێنەکە، ماچت دەکەم
بەیانی کەمن بۆ پاچەنانێک لەماڵەوە ئەچمە بازاڕ
تۆ لەخەودای
لەشەوی تۆپ بارانەکاندا وا ماچمکردی
کەوابزانم هەور بووبە باران
لەو بەندەرە تەمومژاویەدا
نە گوڵ هەبوو – نە ئومێد
ئێمە نوقم بوومی ژنەکان و پیاوەکانمان لە تەم و مژدا
بینی
ماچەکانی ئێمە نە زێدەڕۆیی بوو، نە درۆ
داڵدە بوو
لەکرێوە و بەفر و باراندا
کچەکەمان تای هەبوو
تایەکی چل پلەیی
چەۆن ئەومان برد – بۆکوێ بردمان
ساحێب خانووەکە دەیویست خانوو و شارەکەیان
جێ بهێلین
لەتای چل پلەدا کچەکەی ئێمە
ئیمە شارەکەمان جێهیشت – وازمان لێهێنا
لەباراندا چوینە شارێکی تر
خۆرئاوابوو – باران بوو – جانتاکان
قورس بوون
کچەکەی ئێمە کەچل پلە تای هەبوو
تا نهۆمی سێهەم بردمان
شەڕبوو
قادرمەکان زۆر بوون
جانتاکان قورس بوون.

لە دیوانی ((دفترهای سالخوردگی دفتر اول ، در این کوچە ها گُلِ بنفشە میِر وید : باران ))
/http://nasrhaye-yomiye.blogfa.com

هەور یەکەمین گۆرانی پەرجوی
لەسەر لێوەکانمان هەڵ کۆڵی
زمانمان لەبیر چووبووەوە
پێڵاو و جلەکلنمان بەکۆنی مانەوە
و ئێمە
بەماچ
درستانمان
کردە بەهار.

ئێمە لەنەهامەتی، بەهەڵە لێک تێگەیشتندا بووین
میزەڵانەکان
کەهەناسەی هاوبەشی خۆشەویستیمانی
تێدا زیندانی بوو
بەر دڕەکەکان کەوت و تەقیەوە
دڵمان وەستا
و کاتژمێرە خەوتووەکانی زەوی
کەوتنەوە ئیش.

لە کتێبی: ((وقت خوب مصائب))
/http://nasrhaye-yomiye.blogfa.com



ئەحمەد رەزا ئەحمەدی





فایلی ژمارەی داهاتوو

باران

# عەلی حەسەنیانی (هاوار)



# سڤیتلانا ئەلیکسڤیچ

ئەم فایلە ئومێد عوسمان
ئامادەی کردووە